www.kurdistannet.org
27-8-2006 2:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەجیهانی بوونی ئەنفال یان بونی ئەنفال حەوتەمن پێشانگای هونەرمەند (هیوادۆمان) ... ئا: ڕێژین ئیبراهیم



لەدرێژەی ئەو کارو چالاکیە هونەری و رۆشنبیریانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرێبەرایەتی رۆشنبیری هونەری شێوەکاری حەوتەمین پێشانگای تایبەتی بۆهیوا دۆمان لە ژێر ناوی (بەجیهانی بوونی ئەنفال) کرایەوە، سەرلە ئێوارەی ئەمرۆ رۆژی شەممە2006/8/26 کاتژمێر شەشی (6) سەر لە ئێوارە لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی حەوتەمین پێشانگای تایبەتی شێوەکاری هونەرمەند هیوا دۆمان کرایەوە، لەم پێشانگایەدا هونەرمەند هەموو روخسارەکان و شێوەو خەسلەتەکانی پاشماوەی ئەنفال، لەسەر بەئاگابوون لە پێشانگاکەو بەجیهانی بوونی ئەنفال هونەرمەند لە وتەیەکی کورتدا هونەرمەند راگەیاند ووتی: "ئەم پێشانگایە دیارە حەوتەمین پێشانگای تایبەتی خۆمەو بەجیهانی بوونی ئەنفال ئەمە کاری خۆمەو بەشێکە لە راوەستان لەبەرامبەر ئەو مەرگەساتەدا کەسێتی عەرەب بەسەر نەتەوەی کوردا هێناویەتی"، هونەرمەند لەم پێشانگایەیدا سودی لە رووخسارو کەسێتی ئەنفالو کەسوکاری ئەنفاو پاشماوەی ئەنفال بینیوە، گفتوگۆی لەگەڵیانا کردووە، هونەرمەند دەڵێت" بەهەردوو ریتمەکە بیرۆکەی ئەنفال لەلای من وەکو هونەر بەرجەستە بون هەست دەکەم مرۆڤەکانتێك شکاون بەڵام فۆرمیان دەبینرێت هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەنفال واتە تێکشکاندن لەرووی هەموو پێکهاتەکانەوە، ئەگەر من بەجوانترین شێوە ئەو تابلۆیانەم نمایش بکردایە رەنگە راستم نەکردایە لەگەڵ خۆموو کارەساتەکەدا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دەمەوێت بانگەشەی هونەری وئەدەبی بکەم بەجودا لەگەڵ لایەنی سیاسی بۆ شوناس کردنی نەتەوەی کورد لەبوونی قەوارەی دەوڵەتی کوردی کەلایەنی سیاسیەکان هیچ باوەرێکیان پێی نییە بۆیە دەبێت ئێمە لەبازنەی ئەوانە بچینە دەرەوە ".
شایەنی باسە هونەرمەند لەساڵی 1965 لەدایك بووەو لەساڵانی 1984 بۆ 1985 پەیمانگەی

هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی نیگار کێشانیتەواو کردووەو لەساڵی 2001 بۆ 2002 کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی هەمان بەشی تەواو کردوەو پاشان بەشداری زیاتر لە 40 ێشانگای هاوبەشی کردووە و لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان شەش پێشانگای تایبەتی کردۆتوە و ئەم پێشانگایەش کە دواین کاریەتی حەوتەمین پێشانگایە، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی سلێمانی و ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە.